# کورتەیەک لەسەر خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا ٢٠١٣



Skolverket

رد دنناوتیم دنتسه دوخ دشر رد لالخا راچد هک ینازومآ شناد
همادا یارب یبسانم هیاپ (gymnasiesärskolan) هژیو ناتسریبد
تسد هب یعامتجا یگدنز رد لاعف تکراشم و راک نتفای ،لیصحت
ار یدرف دشر ناکما دناوتیم هژیو ناتسریبد نیا رب نوزفا .دنروآ
.دهدب نازومآ شناد نیا هب زین

دنک بیغرت ار یعامتجا یدنویپمه و تکراشم یتسیاب شزومآ نیا
تسبراک و دوخ شناد قیمعت ،شناد بسک یارب نازومآ شناد ناوت و
زا .دهد دشر ار نارگید اب هارمه نیچنمه و لقتسم روطهب شناد نآ
هک یاهنوگ هب تسا ریذپ فاطعنا رایسب هژیو ناتسریبد ورنیا
دشر یشزومآ یاهفده ساسا رب و نکمم دح ات دنناوتب نازومآ شناد
.دننک



## بەرنامەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا

خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا لە بەرنامەی نیشتمانی وە تاکڕەوی پێکهاتوە. بەرنامە نیشتمانیەکان ئەمانەن

**بەرنامەی بەڕێوەبردن، بازرگانی وە مامەڵەکردن بە شمەکەوە**

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری بەڕێوەبردن، بازرگانی وە مامەڵەکردن بەشمەکەوە وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان ئامادە دەکات بۆ کارکردن لەگەڵ، بۆ نموونە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئاسانتر، بازاڕدۆزینەوەی بەکردە وە مامەڵەکردنی ئاسانتر بە نووسراوەوە (دۆکومێنتکردن). لە میانەی خوێندنەکەدا، خوێندکارەکان هەروەها گەشەپێدان بە شێوازی هەڵوێستگرتن بە خزمەتگوزاری ئاراستەکراوەوە وە گەشە بە توانستی پەیوەندیگرتن وە هاریکاری لەگەڵ کڕیارەکاندا بدەن.

**بەرنامەی چالاکیەکانی هونەرە جوانەکان**

خوێندکارەکان زانستیە بنەڕەتیەکان لە بواری چالاکیەکانی هونەرە جوانەکاندا وە شێوازی دەربڕین وەردەگرن. خوێندکارەکان لە بەرنامەکەدا دەتوانن پەیوەندیکردن بە وێنە، نووسراو وە دەنگ تاقیبکەنەوە. خوێندنی ناو بەرنامەکە هیچ ئاراستەکردنێکی پیشەیی پێوە دیار نییە، بەڵام دەبێت خوێندکارەکە بگەیەنێت بەوەی کە بتوانێت بەشداری لە جۆرەها پڕۆژەی هونەریدا بکات وە بەردەوام بێت لە خوێندن یان کارکردن لە بواری هونەرە جوانەکاندا. لەوانەشە کە ئەو زانستانە لە ناو پێشخوێندنگەکان وە چالاکیەکانی خانەی کاتی ئازاددا بۆ منداڵان بە سوود بن..

**بەرنامەی خانووبەرە، دامەزراوە وە بیناسازی**

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری خانووبەرە، دامەزراوە وە بیناسازی وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە بتوانن لە چاککردنەوە وە خزمەتکردنی خانووبەرە یاخود کرێکاری لە زەویدا وە خزمەتکردنی ناو پارکەکان کار دەدەن..

**بەرنامەی خزمەتکردنی ئۆتومبیل (خودڕەوی ماتۆڕدار) وە مامەڵەکردن بە شمەکەوە**

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری خزمەتکردنی ئۆتومبیل(خودڕەوی ماتۆڕدار) وە مامەڵەکردن بە شمەکەوە وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە بۆ نموونە، بتوانن خودڕەوی ماتۆڕدار وە مەکینە چاک بکەنەوە، شووشتن و دەستپێداهێنان یان ترەک لێخوڕین فێربن. لە میانەی خوێندنەکەدا خوێندکارەکان هەروەها گەشەپێدان بە شێوازی هەڵوێستگرتن بۆ خزمەتگوزاری ئاراستەکراو وە بە توانستی پەیوەندیگرتن وە هاریکاری لەگەڵ کڕیارەکاندا دەدەن.

## بەرنامەی ئیشی دەست وە بەرهەمهێنان

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری مێژووی ئیشت دەست، تەکنیکسازی ئیشی دەست وە بەرهەمهێنان. لە میانە خوێندنەکەدا خوێندکارەکان فێری ئەوەش کە چۆن مامەڵە بە کەرەستەی کارکردنەوە وە شێوازی دروستکردنەوە وە گەشەپێدانی تواناکانیان سەبارەت بە ئەو کەرەستانەی کە لە بواری بەرنامەکەدا بەکاردەهێنرێن دەبن.

## بەرنامەی هۆتێل، ڕێستۆران وە نانەوایی

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری هۆتێل، ڕێستۆران وە نانەوایی وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە کار بۆ نموونە، لە نانەواخانە – وە ئیشی هەویر، پاکژی خۆراک، مێزڕازاندنەوە، چێشتلێنان وە خزمەتی ناو هۆتێل بکەن. لە میانەی خوێندنەکەدا خوێندکارەکان هەروەها گەشەپێدان بە شێوازی هەڵوێستگرتن بۆ خزمەتگوزاری ئاراستەکراو وە بە توانستی پەیوەندیگرتن وە هاریکاری لەگەڵ کڕیارەکاندا بکەن.

## بەرنامەی تەندرووستی، چاودێری وە بەتەنگەوەهاتن

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە خزمەتگوزاریدا وە بەتەنگەوەهاتندا لە بواری خانەی کاتی ئازاد – وە کەرتی چاودێری وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان بۆ ئەوە ئامادە دەکات کە بتوانن کار لەگەڵ بۆ نموونە، خۆراک وە تەندرووستی، کاری بەتەنگەوەهاتن وە چاودێرییەوە بکەن. لە میانەی خوێندنەکەدا خوێندکارەکان هەروەها گەشەپێدان بە شێوازی هەڵوێستگرتن بۆ خزمەتگوزاری ئاراستەکراو وە بە توانستی پەیوەندیگرتن وە هاریکاری لەگەڵ مرۆڤدا بکەن.

## بەرنامەی کۆمەڵ، سرووشت وە زمانەوانی

بەرنامەکە بە پلەی یەکەم خوێندن لە بوارەکانی زانستی کۆمەڵ وە زمانەوانیدا پێشکەش دەکات. هەروەهاش بواری قووڵبوونەوە یان خۆ ئامادەکردن لە بواری میدیا وە ژینگەدا هەن.

## بەرنامەی دارستان، زەوی وە ئاژەڵ

خوێندکارەکان زانستی بنەڕەتی لە بواری سرووشت، ژینگە وە تەکنیکسازی بەکارهێنانی ژینگە وەردەگرن. خوێندنەکە خوێندکارەکان بۆ، بۆ نموونە زەوی وە ژینگەی دەرەوە، ڕووەک، ژینگەی ڕووەک وە ئاژەڵ ئامادە دەکات. لە میانەی خوێندنەکەدا خوێندکارەکان هەروەها گەشەپێدان بە شێوازی هەڵوێستگرتن بۆ خزمەتگوزاری ئاراستەکراو وە بە توانستی پەیوەندیگرتن وە هاریکاری لەگەڵ مرۆڤدا دەدەن.

# بابەتەکان

لەبەرنامەیەکی نیشتمانی تەواودا، خوێندکارەکان ٢٥٠٠ خاڵ لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا دەخوێنن. لێرەدا بابەتگەلێک هەن کە هەمو خوێندکارەکانی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا دەیخوێنن. ئەمانە ئینگلیزی، چالاکی هونەرە جوانەکان، مێژو، وەرزش وە تەندرووستی، بیرکاری، زانستی ئاینی، زانستی کۆمەڵایەتی وە سویدی یان سویدی وەک زمانی دووەمە.

. پلانی بابەت باس لەوە دەکات یان هەیە (ämnesplan) هەموو بابەتەکانی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا پلانی بابەتی

کە خوێندنەکە یان خوولیخوێندنەکە ناوەڕۆکی چییە، وە ئایا خوێندکارەکان دەبێت چی پاش خوێندنی ئەو بابەتە بزانن. لە خوێندنەکەدا هەڵبژاردەی تاکیشی تێدایە.. ئەوە خوێندنگە بڕیار دەدات کە کام خوولیخوێندنانە دەکرێت لەلایەن خوێندنکارانەوە هەڵبژاردە بکرێن، بەڵام هەموان مافی ئەوەیان هەیە کە خوولیخوێندنێک لە وەرزش وە تەندروستی هەروەها خوولیخوێندنێک لە ماڵ – وە زانستی بەکاربەر بخوێنن..



# پلیکانەکانی نمرە

لە بەرنامەی نیشتمانیدا بۆ هەر خوولێکی خوێندنی بەئەنجام گەیەندراو بڕوانامە دادەنرێت. ئەگەر خوێندکارەکە

یان A وەردەگرێت. بەرزترین پلە A یە وە نزمترین E یە.  E, D, C, B دەرچووبێت بڕوانامەی

ئەگەر مرۆ□ مەرجەکانی بڕوانامەی E پڕنەکاتەوە. بڕوانامە وەرناگرێت.

# کارەکەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا نیشاندەدات کە ئایا خوێندکارەکە ئەرکی ئیشکردن بەئەنجام دەگەیەنێت

) بەئەنجام(gymnasieskolearbete هەموو خوێندکارانی بەرنامەی نیشتمانیەکان کاری خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا

دەگەیەنن. ئەوە دەبێت لەگەڵ ئامانجەکانی بەرنامەکە وە خوێندنی خوێندکارەکان بگونجێت..

کاری خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا دەبێت ئەوە نیشان بدات کە خوێندکارەکان کارێکی ئاسایی پێسپێردراو لە بوارێکی پیشەییدا بەئەنجام دەگەیەنن. لەبەر ئەوە مرۆ□ کاری خۆیی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا لە کۆتایی خوێندنەکەدا دەکات.

مامۆستاکە دادوەری لەسەر کاری خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا دەکات وە یەکاڵای دەکاتەوە داخۆ پەسەندە یان نا. کاری خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا کە پەسەندکرابێت بڕوانامەی E وەردەگرێت. ئەگەر خوێندکارەکە بە ئامانجەکان نەگات، مامۆستایەکە هیچ بڕوانامەیەک دانانێت..

## خوێندن لە شوێنێکی کار

مانای ئەوەیە کە خوێندکارەکان لە شوێنێکی کار لە دەرەوەی خوێندنگە فێر دەبن. (APL) فێربوون لە شوێنی کار خوێندکارێک کە لەدەرەوە فێردەبێت، زانستی پیشەیی وەردەگرێت، فێری کەلتوری پیشەیی دەبێت وە دەبێتە بەشێک لە پێکەوەبوونەکە. لە شوێنی کارەکە. لەبەرئەوە فێربوون لە شوێنی کار لە خوێندنەکەدا لە هەمو بەرنامە نیشتمانیەکاندا بەشێکی ناوەندییە. هەمو خوێندکارانی بەرنامەی نیشتمانی دەبێت لایکەم ٢٢ هەفتە لە شوێنی کار بن.

## خوێندن بە شاگردی

لە بەرنامە نیشتمانیەکاندا دەکرێت مرۆ□ خوێندنی بە شاگردی هەبێت. ئەو کاتە مرۆ□ لەیەک یان فرە شوێنی کار دەبێت کە لایکەم نیوەی ماوەی خوێندنەکە پڕبکاتەوە. فێربوون لە شاگردیەوە هاوبەهایە لەگەڵ خوێندنێک کە لەناو خوێندنگەدایە.



# بەرنامە تاکڕەوی ەکان

ئەو خوێندکارانەی کە ناتوانن لەگەڵ خوێندنەکەدا لە بەرنامەیەکی نیشتمانیدا بڕۆن، دەتوانن بۆ بەرنامەیەکی تاکڕەو بڕۆن (ämnesområden) بەرنامە تاکڕەوی ەکان ئەم بابەتانە دەگرنەوە

• چالاکی هونەرە جوانەکان

• زانستی بەکاربەر وە – ماڵەوە

• وەرزش وە تەندرووستی

• تاکەکەس وە کۆمەڵ

• زمانەوانی وە پەیوەندیکردن

خوێندکارەکان دەتوانن هەروەها پراکتیک بکەن ئەگەر بۆ خوێندکارەکە وا باش بێت.

بەشەکانی بابەتێک ڕەنگە ناوەڕۆکەکەی لە بابەتێک زیاترەوە هاتبێت. بۆ هەر بەشە بابەتێک پلانی ئەو بەشە بابەتە هەیە . ئەوە باس لە مەبەستی فێرکردنەکە وە ئامانجەکانی کە خوێندکاران دەبێت فێری ببن دەکات. (ämnesområdesplan)

لەبری بڕوانامە، مامۆستایەکە دادوەریکردن وە هەڵسەنگاندن بۆ توانا زانستیەکانی خوێندکارەکە دەکات، ئەویش لە ڕوانگەی مەرجە بنەڕەتیەکانی ئاستی زانستی وە قووڵبوونەوە لە ئاستی زانستیدا. بەم شێوەیە مامۆستایەکە دەتوانێت داواکاریەکان بە پێی باروودۆخی خوێندکارەکە بگونجێنێت. لە بەرنامە تاکڕەوەکاندا مرۆ□ دەتوانێت بابەتەکانی بەرنامەی نیشتمانی وە بەشە بابەتەکان پێکەوە ببەستێتەوە.

**پلانێکی خوێندن بۆ هەر خوێندکارێک**

هەموو خوێندکارانی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا، پلانی خوێندنی خۆیان هەیە، ئەوانە زانیاریان لە مانەدا تێدایە

• خوێندکارەکە لە چ بەرنامەیەکدا دەخوێنێت

• ئەو خوولیخوێندن و بەشە بابەتانەی کە خوێندکارەکە دەبێت بیخوێنێت

• ئەگەر بەرنامەکە تەواوە، کەمکراوەتەوە یان لێی زیادکراوە.

• کامانەن ئەو خوولیخوێندنانەی لە بەرنامە تەواوەکەدان

• کامانەن ئەو خوولیخوێندنانەی لە دەرەوەی بەرنامە تەواوەکەدان

• کامانەن ئەو خوولیخوێندنانەی کە لە ناو بەرنامە کەمکراوەکەدا هەن وە کامانەن ئەو خوولیخوێندنانەی لابراون.

# بەڵگەنامەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا

پاش خوێندنی بەرنامەی نیشتمانی وە تاکڕەوی، خوێندکارەکان بەڵگەنامەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا وەردەگرن. ئەوە باس لەوە دەکات کە کامانەن ئەو توانا زانستیانە وە شارەزاییانە کە خوێندکارەکە لەگەڵ خۆیدا لە خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا هێناویەتی وە زانیاری لەسەر ئەمانە تێدایە.

- بەرنامەکە
- بەشە بابەتەکان یاخود ئەو خولیخوێندنانەی کە خوێندکارەکە خوێندویەتی.
- بڕوانامەکان
- فێربوون وە پراکتیک کە خوێندکارەکە لە شوێنی کار وەریگرتوە.
- کاری خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا.



# (IM)بەرنامەی پێناسینی خوێندنگەی ئامادەیی

ئەو خوێندکارانەی کە چوونەتە خوێندنگەی بنچینەیی بەجیا دەتوانن بچنە یەکێک لە بەرنامەی پێناسین، پێناسینی پیشەیی، تاکڕەوی لەبری وە پێناسینی زمانەوانی. بەرنامەکانی پێناسین دەبێت دەرفەتی تازە بە خوێندکارەکانی لێوەشاوەیەتیان بەدەست نەهێناوە بدات.

## پێناسینی پیشەیی

پێناسینی پیشەیی بۆ هەموو ئەو لاوانەیە کە بڕوانامەی تەواویان نییە بۆ ئەوەی لێوەشاوەیەتی بۆ بەرنامەی پیشەییان هەبێت. خوێندکارەکان خوێندنێکی بۆ پیشە ئاراستەکاو وەردەگرن، کە ئاسانکاریان بۆ دەکات کە بێنە ناو بازاڕی کارەوە یان بە خوێندنێک بۆ بەرنامەی پیشەیی بیان گەیەنێت.

## تاکڕەوی لەبری

تاکڕەوی لەبری(لەباتی) خوێندکارەکان بۆ خوێندنێکی تر، یاخود بازاڕیکار ئامادە دەکات. خوێندنەکە لە ڕوانگەی هەریەک لە خوێندکارەکانەوە شێوەکاری دەکرێت وە ڕوودەکاتە ئەو لاوانەی کە لێوەشاو بۆ بەرنامەیەکی نیشتمانی نین.

## پێناسینی زمانەوانی

پێناسینی زمانەوانی خوێندنێکە کە زمانی سویدی زۆر تێدایە، بۆ ئەو لاوانەی کە تازە بۆ سوید هاتوون. پاش پێناسینی زمانەوانی خوێندکارەکان دەتوانن بۆ خوێندنێکی تر بڕۆن، بۆ نموونە بەرنامەیەکی پێناسینی تر.

## خوێندکارانی بە گەشەسەندنی شێواوەوە یان پێکانی مێشکەوە

خوێندنەکەی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا بۆ ئەو لاوانەیە کە خوێندنی بنچینەییان یاخود خوێندنی بنچینەیی بەجیایان تەواوکردوە وە کە بنەمای مەرجەکانی ئاستی زانستی خوێندنگەی ئامادەییان تێدا نییە لەبەر هۆکاری شێواوی لە گەشەسەندندا یان پێکانی مێشکەوە.

بۆ ئەوەی ئەگەری ئەوەی کە خوێندکارەکە سەر بەو دەستە مەبەستەیە یەکلایی بکرێتەوە، ئەو شارەوانییەی لێی نیشتەجێت بە لێکۆڵینەوەیەک لە ڕوی فێرکردنەوە، دەروونناسیەوە، پزیشکییەوە وە دادوەریکردنی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەستێت.

خوێندکارانی خوێندنگەی ئامادەیی بەجیا لایکەم ٣٦٠٠ کاژێر خوێندن وەردەگرن. کاژێرێکی خوێندن ٦٠ خوولەکە، دابەشکراو بەسەر چوار ساڵی خوێندندا. بەرپرسی خوێندنگە( جا شارەوانی یان تایبەت) بڕیار لەسەر ژمارەی کاژێرەکانی خوێندن بۆ هەر خوولێکی خوێندن وە هەر بەشە بابەتێک دەگرێت.

آی اس بی ان:978-91-7559-006-6
عکس Michael McLain

Skolverket